Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.1005

# پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستانو جیهانی عەرەبی سوریاو لیبیاو جوڵانەوەی رزگاریخوازی فەلەستین( بەنموونە)

**فاروق محمد محمد**

کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی سلێمانی - عێراق

***Article Info***

Received: January, 2019
Revised: January ,2019
Accepted: January ,2019

***Keywords***

رزگاریخوازی باشوری کوردستان ،
جوڵانەوەی رزگاریخوازی فەلەستین

***Corresponding Author***

faruq.mohammed@univsul.edu.iq

## پوختە

دوای هەرەسی شۆرشی ئەیلول لە ساڵی 1975، قۆناغێکی گرنگو هەستیار لە خەباتی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد سەریهەڵدا، وێرای دامەزراندنی چەند پارتێکی سیاسی نوێ، جارێکی تر شۆرشی چەکداریی هەڵگیرسایەوە. بەتایبەتی لەلایەن (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە پەیوەندییە دەرەکیەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لەو ماوەیەدا، لایەنێکی دیارو گرنگی شۆرشی کوردە، بەتایبەتی پەیوەندییە عەرەبییەکانی، لەگەڵ هەریەك لە وڵاتانی سوریاو لیبیا گرنگی خۆی هەیە، بەو پێیەی شۆرشی کورد لە باشوری کوردستان دژی عێراق بوو کە دەوڵەتێکی عەرەبیە، بۆیە پشتگیریو هاوکاری ئەو دەوڵەتە عەرەبیانە بۆ جوڵانەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستان، دان پێدانان بوو بەرەوایی خەباتی کورد، وێرای ئەوەی بەبێ هاوکاریو پشتگیری ئەو دوو دەوڵەتە لەرووی مادیو سەربازییەوە بە تایبەتی بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەستەم بوو شۆرشی نوێ لەو کاتەدا هەڵبگیرسێت، هەروەك پەیوەندیو هاوکاری جوڵانەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستانو جوڵانەوەی رزگاریخوازی فەلەستین بۆ یەکتری، مانای تایبەتی هەیەو شەرعەتدانە بە رەوایەتی پرسی کورد. هەموو ئەو هۆکارانە هاندەرێکی سەرەکی بوون تاوەکو ئەم توێژینەوەیەمان بەناونیشانی (پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستانو جیهانی عەرەبی، سوریاو لیبیاو جوڵانەوەی رزگاریخوازی فەلەستین بەنموونە 1975-1986) ئەنجامبدەین.

پێکهاتەی توێژینەوەکەمان، لە پێشەکیو سێ باسی سەرەکیو ئەنجام پێکهاتووە، لەباسی یەکەمدا هەوڵماندداوە باس پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستانو سوریا بکەین، باسی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستانو لیبیا، لە باسی سێیەمیشدا تیشکمان خستۆتە سەر پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستانو جوڵانەوەی رزگاریخوازی فەلەستین. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە میانەی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین بە چەند خاڵێك خستومانەتە روو.

ئەویش بە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوەی گرنگ لە یاداشتو بیرەوەری کتێب، بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی، کە هەندێك لە نوسەرانی ئەو پەرتوکانە خۆیان کاراکتەری سەرەکی رووداو و پەیوەندییەکان بوون.

## پێشەکی

مێژووی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لەباشوری کوردستان دژی دەسەڵاتداریی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، چەندین شۆرشو قۆناغی گرنگی بەخۆوە بینیوە، دوای هەرەسی شۆرشی ئەیلول لە ساڵی 1975، قۆناغێکی گرنگو هەستیار لە خەباتی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد سەریهەڵدا، وێرای دامەزراندنی چەند

پارتێکی سیاسی نوێ، جارێکی تر جوڵانەوەی سیاسیو شۆڕشی چەکداریی لەلایەن ئەو پارتە سیاسیانەوە هەڵگیرسایەوە. لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان، و هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانەوە.

پەیوەندییە دەرەکیەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لەو ماوەیەدا، لایەنێکی دیارو گرنگی شۆڕشی کوردە، پەیوەندییە عەرەبییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد، لەگەڵ هەریەك لە وڵاتانی سوریاو لیبیاماناو گرنگی خۆی هەیە، بەو پێیەی شۆڕشی کورد لە باشوری کوردستان دژی عێراق بوو کە دەوڵەتێکی عەرەبیە، بۆیە پشتگیریو هاوکاری ئەو دەوڵەتە عەرەبیانە بۆ جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان، دان پێدانان بوو بە رەوایی خەباتی کورد، وێرای ئەوەی بەبێ هاوکاریو پشتگیری ئەو دوو دەوڵەتە لە رووی مادیو سەربازییەوە بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەستەم بوو شۆڕشی نوێ لەو کاتەدا هەڵبگیرسێت، هەروەك پەیوەندیو هاوکاری جوڵانەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستانو جوڵانەوەی رزگاریخوازی فەلەستین بۆ یەکتری، مانای خۆی هەیەو شەرعیەتدانە بە رەوایەتی پرسی کورد. بۆیە هەموو ئەو هۆکارانە هاندەرێکی سەرەکی بوون تاوەکو ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستانو جیهانی عەرەبی، سوریاو لیبیاو جوڵانەوەی رزگاریخوازی فەلەستین بەنموونە 1975-1986) ئەنجامبدەین.

پێکهاتەی توێژینەوەکە، لە پێشەکیو سێ باسی سەرەکیو ئەنجام پێکهاتووە، لەباسی یەکەمدا هەوڵدراوە باس لە پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستانو سوریا بکرێت، باسی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستانو لیبیا، لە باسی سێیەمیشدا تیشك خراوەتە سەر پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستانو جوڵانەوەی رزگاریخوازی فەلەستین. و لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە میانەی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین بە چەند خاڵێك خراوەتە ڕوو:

ئەویش بە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوەی گرنگ لە پەرتوكو یاداشتو بیرەوەری، کە هەندێك لە نوسەرانی ئەو پەرتوکانە خۆیان کاراکتەری سەرەکی رووداو و پەیوەندییەکان بوون، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەش کە توێژەر سوودی زۆری لێوەرگرتوون بریتین لە کتێبی (لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ)ی نەوشیروان مستەفا ئەمینو کتێبی (مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری) سەڵاح رەشیدو کتێبی (بارزانیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلول 1961- 1975)ی مەسعود بارزانیو کتێبی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزراندنو دەست پێ کردنەوەی شۆڕش 1975-1976)ی سەروەر عەبدولرەحمان عومەر.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بوترێ هیچ کارێکی زانستی بێ هەڵەو کەموکورتی نابێت، هەوڵدراوە توێژینەوەیەکی ئەکادیمیو زانستی ئەنجامبدرێت، هەر کەموکورتیەك هەبێت لەدەرەوەی ویستو ئیرادەی توێژەرە، چونکە ئەو سەرچاوانەی ئاماژەیان بە بابەتێکی لەم جۆرە کردووەو کەمو دیاریکراون، وێرای ئەوەی هەندێك لەوانە تەنها بەشێوەیەکی گشتی تیشکیان خستۆتە سەر ئەو بابەتە.

## باسی یەکەم/ پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستانو سوریا:

لەنێوان حکومەتی سوریاو پارتەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد پەیوەندیەکی بەهێز هەبوو[(1)]. لەو نێوەندەدا جەلال تاڵەبانی (1933-2017) پەیوەندییەکی بەهێزو بەردەوامی لەگەڵ (حافز ئەسەد) * سەرۆك

سەڵاح رەشید: مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ([1]) بەشی دووەم، چاپخانەی کارۆ، 2017، ل38.

* حافز ئەسەد: لە ساڵی 1930 لە گوندی قرداحە لە پارێزگای لازقییە لە بنەماڵەیەکی جوتیار لەدایك بووە، سەر بە کەمە ئایینی عەلەوییە، لە ساڵی 1947 پەیوەندی بە حزبی بەعسەوە کردووە، دەرچووی ئەکادیمیای

کۆماری سوریادا هەبوو، کە دەستپێکی ئەو پەیوەندییانە بۆ ساڵی 1970 دەگەڕێتەوەو بۆ ماوەی 30 ساڵ بەردەوامبوو و لەمیانەیدا دەیان جار چاویان بەیەکتر کەوتووە[2]. بەتایبەتی سوریا بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان گرنگیەکی تایبەتی هەبوو. چونکە لە سوریا ڕێگە بە یەکێتی درا، چالاکی سیاسی ئەنجامبدەن، جەلال تاڵەبانی دەتوانێت حافز ئەسەدی سەرۆك کۆماری سوریا ببینێتو بەڵێنی پێدەدات هاوکاریان بکاتو پێی دەڵێت: "سوریا وڵاتی خۆتانە، هاوکاریتان دەکەین بۆئەوەی هەڵسنەوە". بۆیە جەلال تاڵەبانی ئەو یارمەتیو پشتیوانییەی حافز ئەسەد بە بڕیارێکی مێژویی لە قەڵەم دەدات[3].

هەر بۆیە یەکێتی لەکاتی دامەزراندنیدا سوریای کرد بە بنکەی سەرەکیو شوێنی خۆ ڕێکخستنو مەشق پێکردنی هەندێ کادیرو پێشمەرگەکانیو چاپو بڵاوکردنەوەی ئۆرگانو بەیاننامەکانی[4]، هەروەها سورییەکان ڕێگەیان بەو کەسانە دەدا کە لە ئێرانو عێراقو تورکیاوە بۆ لای یەکێتی دەچوون، جا چ لە ڕێگەی فرۆکەخانەی دیمەشقەوە بووایە، یاخود بە قاچاغ لە سنوورەکانەوە بەبێ بچونایە بۆ پەیوەندیکردن بە ریزەکانی یەکێتیەوە[5].

دوای ئامادەکاری سەرئەنجام کۆبونەوەیەك لە 1975/5/22 لە قاوەخانەی (طلیطلة) لە گەڕەکی (ابو رومانە)ی ناوەڕاستی دیمەشقی پایتەختی سوریادا، بەسەر کردایەتی جەلال تاڵەبانیو ئامادە بوونی هەریەك لە فوئاد مەعسوم، عەبدولڕەزاق فەیلیو عادل موراد، گرێدراو دوای گفتوگۆو بیروڕا گۆڕینەوە بڕیاردرا ئەو ڕێکخستنە نوێیە ناو بنێن، (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)[6]، و یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە جەلال تاڵەبانی ئامادەی کردبوو، پاش گفتوگۆکردن لەسەر ناوەڕۆکەکەی بڕیاری لەسەر دراو ڕاگەیەندرا[7]، و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش لە سوریا بەیاننامەکەیان بڵاوکردەوە[8]. وێڕای یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، زۆربەی بڵاوکراوەکانی تریشی لە سوریا چاپوبڵاودەکرانەوە[9].

دەربارەی پەیوەندی نێوان (ی. ن. ك) و سوریا، وەك جەلال تاڵەبانی دەیگێڕێتەوە: "هەرگیز چاکەی سوریامان لەبیرناچێتەوە، بەڕاستی ئەو سەردەمە سوریا نەبوایە نەمان دەتوانی ئەو کارە وەك پێویست ئەنجام بدەین، سوریا نەك هەر دەرگای بۆ کردینەوە، دەرگای سیاسی، دەرگای ڕێکخستن، دەرگای پروپاگەندە، بەڵکو دەرگای راهێنانی پێشمەرگەشی بۆ کردینەوە، دەرگای چەك پەیداکردنی بۆ کردینەوە کە چەکمان پێبداتو کەرەسەکانی شۆڕشمان بۆ بێنێتەدی، بۆیە بەڕاستی (ی. ن. ك) زۆر قەرزاری سوریایە"[10].

هەروەك نەوشیروان مستەفا (1944 - 2017) لەوبارەیەوە نوسیویەتی: "راستیەکەی ئەگەر دامەزراندنی یەکیتیو هەلگیرساندنەوەی شورش دوای ئاشبەتال، بە

سەربازییە لە حمس لە ساڵی 1955، پاشان ئەکادیمیای فرۆکەوانی لە یەکێتی سۆڤیەت تەواوکردووە، لە ساڵی 1965 بووە بە فەرماندەی هێزە سەربازییەکان، یەکێك بووە لە سەرکردەکانی کودەتای ساڵی 1966و بەو هۆیەوە بووە بە وەزیری بەرگری، لە ساڵی 1970 بەتەواوی دەستی بەسەر دەسەڵاتی سوریادا گرتووەو لە مارسی 1971دا بووە بە سەرۆك کۆمار تا لە 10 یۆنیۆی 2000دا مردووە. (هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو دەوڵەتانی دراوسێ ئێرانو تورکیاو سوریا 1991 - 2003، تاران، 2003، ل197 - 198).

(2) سالار أوسی: جلال طالبانی أحداث ومواقف، بیروت، 2008، ص86.

(3) سەلاح رەشید: سەرچاوەی پێشوو، ل38.

(4) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1975-1978، بەرلین، 1997، ل77.

(5) سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزراندنو دەست پێ کردنەوەی شۆڕش 1975-1976 لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی/ سیاسییە، سەنتەری چاپو پەخشی تەما، سلێمانی، 2002.ل .187

(6) عادل مراد: الاتحاد الوطنی الکردستانی الانطلاقة.. من طلیطلة الی بغداد.. خواطر بعد ثلاثین عاما، مطبعة زانا، دهوك، 2006، ص28.

(7) فوئاد مەعسوم: یەکێتی نیشتمانی کوردستان .. سەرەتاکان، لە کتێبی چەند لاپەرەیەك لە مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ل25.

(8) نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل43.

(9) هەمان سەرچاوە، ل72-73.

(10) وەرگیراوە لە سەروەرعەبدولرەحمان عومەر: سەرچاوەی پێشوو، ل187.

سەروەریەکی گەورە لە مێژووی کوردا حساب بکری، دەبێ لەم سەروەرییەدا کورد بەریز لی نانەوە چاکەی سوریا، بەتایبەتی هی حافظ ئەسەدی لەبەر چاوبی"[11].

سوریا هاوکاری زۆری یەکێتی لە هەموو بوارێکدا دەکات، یارمەتی هەمەجۆرو پشتگیری سیاسیو مەعنەویو بە چەكو پارە یارمەتییان دەدات، کە بێگومان ئەوانە پاڵپشتێکی گرنگ بوون. جەلال تاڵەبانی هاوکاری سوریا وا دەچووێنێت، وەکو ئەوەی یەکێك لە سەحرایەك مارێك پێوەی دابێو حەکیمێك بێت بڵێ چەند شرینقەیەکت لێ ئەدەم چاکتدەکەمەوە"[12].

لە رووی هاوکاری داراییەوە لەسەرەتادا سورییەکان مانگانە 15 هەزار دیناریان بەکێتی دەدا، و لە ساڵی 1978دا ئەو برە بەرزبووەوە بۆ 35 هەزار دینار[13].

هەروەك یەکێتی لە سوریاش خەریکی خۆ سازدانو رێکخستنی هەندێ مەفرەزە بوو، ئەو کۆنە پێشمەرگانەی ئامادەبوون بینەوە بە پێشمەرگە بەشێکی زۆری رێکخستنەوە، هەندێك خولی مەشقو راهێنانی لە سەربازگەکانی شام بۆکردنەوە، و لە چەند مەفرەزەیەکدا رێکی خستبوون[14].

سوریا، لەگەڵ ئەوەی بنکەی کۆبونەوەی کادرو پێشمەرگەکانی یەکێتی بوو لە دەرەوە، هاوکات سەرچاوەی چەكو تەقەمەنی بوو، بەڵام بەهۆی ناکۆکیەکانی یەکێتی لەگەڵ سەرکردایەتی کاتی پارتیدا، بوونی پارتیو گرنگیدانیان بە ناوچەکانی سەرسنور، یەکێتی وەك پێویست نەیدەتوانی سود لە هاوکارییەکانی سوریا بۆ ناوەوەی باشوری کوردستان وەربگرێت[15].

یەکێتی ریزەکانی خۆی سازدا، لەناوچەی جزیرە لە سوریا سەدان کەسی ئامادەکردبوو، لە مەفرەزەی جیاجیادا رێکیخستبوون، مەشقی پێکردبوون، چەکداری کردبوون بەهیوای ئەوەی دەستە دەستە رەوانەی باشوری کوردستان بکرێنەوە[16].

لەو قۆناغەدا سوریا کرا بە بنکەیەك بۆ هەڵسانەوەو دەستپێکردنەوەی شۆرشو خەباتی باشوری کوردستان[17]. ئەوەبو سەرکردایەتی یەکێتی کۆمیتەیەکی لە قامیشلی پێکهێنا بوو سەربەرشتی رێکخستنی ئەوانەی دەکرد کەبۆ ئەندامێتی یان بۆ پێشمەرگایەتی دەهاتنە ریزەکانی یەکێتییەوە، سوریا کارئاسانی زۆری بۆ چالاکیەکانی یەکێتی ئەکرد[18].

جەلال تاڵەبانی لەسەر ئەو رۆڵەی سوریا هەیبوو، دەڵێت: "بە راستی سوریا نەبوایە، رەنگ بوو زۆر بە زەحمەت بتوانین خۆمان وەك پێویست کۆبکەینەوەو بتوانین کارەکانمان رێك بخەینو مەعەسکەراتی تەدریبی لە نزیك شام دابنێین، کە نزیکی 200-300 کەسێك تەدریب بکەینو بیانکەین بە پێشمەرگەو بیان نێرینەوە بۆ کوردستان[19].

بەمەبەستی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە باشوری کوردستاندا، (ی. ن. ك) لە 1976/6/1داو بە بۆنەی تێپەڕبوونی یەك ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا، یەکەم دەستەی چەکداری خۆی لە سوریاوە بۆ کوردستان ناردەوە[20]، بە سەرکردایەتی نەقیبی ئەندازیار (ئیبراهیم عەزۆ)* کە پێکهاتبوو لە (37) پێشمەرگەو بەسەر (4) مەفرەزەدا دابەش کرابوون[21].

---

(11) نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل77.

(12) سەڵاح رەشید: سەرچاوەی پێشوو، ل 38.

(13) نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەرشێخمووس، سوید، 2010، ل216.

(14) نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل78.

(15) هەمان سەرچاوە، ل95-96.

(16) هەمان سەرچاوە، ل96.

(17) سەڵاح رەشید: سەرچاوەی پێشوو، ل 38.

(18) نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل109-110.

(19) سەڵاح رەشید: سەرچاوەی پێشوو، ل 38.

(20) سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: سەرچاوەی پێشوو، ل129.

* ئیبراهیم عەزۆ ناسراو بە (جەبار): لە ساڵی 1949 لە گوندی گرڤر(ناحیەی عەینزالە) لەدایك بووە، لە ساڵی 1969 کۆلێجی ئەندازیاری زانکۆی موسڵی تەواوکردووە، لە زانکۆ لێپرسراوی لیژنەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، دوای تەواوکردنی خوێندن لە سوپای عێراقدا دەبێتە ئەفسەر، پاشان پلەی (نەقیب)ی لە سوپادا وەرگرتووە، لە ساڵی 1971دا بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، سەرکردەی یەکەمین دەستەی کادیرانو

به مەبەستی بەڕێکردنیان بۆ کوردستان وەك یەكەم وەجبەی پێشمەرگە، جەلال تاڵەبانی چوو بۆ قامیشلی‌و (نەجمەدین بیوك کایا)** ئەم پۆلە پێشمەرگەیەی گەیاندەوە کوردستان[22]، بۆیە ڕۆژی ڕەوانەکردنی ئەو پێشمەرگانە لە لایەن (ی. ن. ك)ەوە بە ڕۆژی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، بەناوی شۆڕشی نوێ دادەنرێت. بەڵام دواتر ئەو مەفرەزەیە لەلایەن هێزەکانی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لەناودەبرێن[23].

کە لە دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە (6ی ئازاری 1975)و هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، بە ڕەزامەندی مەلا مستەفا بارزانی (1903-1979)، و بەسەر پەرشتی ئیدریس بارزانی‌و مەسعود بارزانی، بەهاوکاری‌و هەماهەنگی لەگەڵ ژمارەیەك كادیرو سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەئێران بوون ڕێکخستنێکی نوێ بەناوی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە (تشرینی دووەمی 1975)دا، دادەمەزرێنن[24].

سوریا ناكۆكی نێوان یەكێتی‌و سەرکردایەتی کاتی پارتی پێخۆش نەبوو، لەبەر ئەوی دەیانزانی ئەوان لە تورکیا نفوزو دەسەڵاتیان هەیەو بەبێ کرانەوەی ڕێگای تورکیاش یەكێتی ناتوانێ پەرە بە چالاکیەکانی خۆی بدات[25].

بۆیە لە ساڵی (1976)دا بۆیەکەمین جار مەسعود بارزانی سەردانی سوریا دەکات[26]. ئەوەش لەسەر بانگهێشتی سوریا بوو، بارزانی‌و وەفدی یاوەری لە هەوڵی ئەوەدابوون سەرلەنوێ لە دوای هەرەس‌و دامەزراندنی سەرکردایەتی پارتی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی سوریاو ئۆپۆزسیۆنی عێراق‌و ڕێكخراوە فەلەستینیەکان نوێ بکاتەوە، هەروەها دوای ئەنجامدانی چەند کۆبونەوەیەك ڕێکەوتنێکی مەیدانی لەنێوان حزبی بەعسی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق‌و یەكێتی‌و سەرکردایەتی کاتی پارتیدا لە (1ی ئازاری1977)دا واژۆکرا[27].

پەیوەندییەکانی سوریاو لایەنە کوردییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی‌و جۆری پەیوەندییەکانی سوریا لەگەڵ عێراقدا بوو. پەیوەندی نێوان یەكێتی‌و سوریا بەهێزتر بوو، کاتێك لە کانوونی دووەمی 1975دا پەیوەندی نێوان سوریاو عێراق گرژی تێکەوت، و لەگەڵ زیاتر گرژ بوونی پەیوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتە قەبارەی پشتگیری‌و هاوکاری دارایی سوریا بۆ یەكێتی زیاتربوو[28].

کاتێك سوریاو عێراق دەستیان بە گفتوگۆی ئاشتەوایی نێوانیان لە (کانوونی یەکەمی 1977- کانوونی دووەمی 1978)دا کرد، سوریا داوی لە یەكێتی کرد لەگەڵ بەغدادا دەست بە گفتوگۆ بکات، کاتێك گفتوگۆی نێوان بەغداو دیمەشق هیچ ئەنجامێکی نەبوو، پەیوەندیەکانی نێوانیان گرژی تێکەوتەوە، سوریا بەشێوەیەکی بەهێز دەستی بە پشتگیری یەكێتی کردەوە[29].

پێشمەرگە بووە، لە 1976/10/19دا بە دیلی دەکوژرێت. (سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: سەرچاوەی پێشوو، ل130).

(21) نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل89.

**نەجمەدین بیوك کایا: لە ساڵی 1943 لە گوندی (کەرەهان) ی قەزای سوێرکی سەر بە پارێزگای ئورفە لەدایك بووە، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی ڕۆشنبیری شۆڕشگێرانەی ڕۆژهەڵات- دە.دە.قە.دە) لە ساڵی 1966 دامەزرا، لەناو یەکێتیدا بە (سەڵاح نەجۆ) ناسرابوو، هاوکاری زۆری یەکێتی کردووە لە دابینکردن‌و گەیاندنی پێداویستی‌و چەك‌و تەقەمەنی، لە ساڵی 1977دا یاوەری جەلال تاڵەبانی کردووە لە گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان، دوای کودەتای تورکیاو لە ساڵی 1982دەستگیردەکرێت‌و لە 22ی تشرینی یەکەمی 1984دا لەژێر ئەشکەنجەدا دەمرێت. (ڕێباز عبدالكريم قادر: پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ پارت‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (1976-1989)، چاپخانەی حەمدی، 2017، ل209).

(22) نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو ل89-90.

(23) بۆ زانیاری زیاتر بروانە، سەروەرعەبدولرەحمان عومەر: سەرچاوەی پێشوو، ل132-134.

(24) بروانە عەلی تەتەرنێروەیی: بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق‌و ئێران دا (1980-1988)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2008، ل67-71.

(25) نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل130.

(26) مسعود بارزانی: بارزانی‌و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلول 1961-1975، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004، ل200.

(27) نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل130-131.

(28) أوفرا بينغيو: كرد العراق بناء الدولة داخل الدولة، ترجمة عبدالرزاق عبدالله بوتاني، داراراس للطباعة والنشر، ، أربيل، 2014، ص213-214.

(29) المصدر نفسه، ص 214.

دوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق- ئێران (1980/9/22-1988/8/8)، سوریا لە کۆتایی تشرینی یەکەمی 1980دا دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بۆ ڕووخاندنی حکومڕانی بەعس لە عێراقدا[30]. بۆیە بەمەبەستی یەکخستنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، بەسەرپەرشتی سوریا لە 1980/11/12 لەنێوان چەند پارتێکی سیاسی عێراقی بە کوردو عەرەبەوە بەرەیەك بە ناوی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی دیموکراتی (جوقد)* دامەزرا، و کاتژمێر 10:15 خولەکی شەوی 1980/11/12 لە رادیۆی دیمەشقەوە هەواڵی دامەزراندنی بەرەکە بڵاوکرایەوە، پەیمانی بەرەکە لەلایەن عەبدولجەبار کوبەیسی (1943- 2011) ئەمینداری گشتی پارتی بەعس-سەرکردایەتی هەرێمی عێراقەوە خوێندرایەوەو جەلال تاڵەبانیش وتارێکی خوێندەوە[31].

سوریا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە دامەزراندنی (جوقد)دا، بەتایبەتی بڕینی بۆری نەوتی عێراق- سوریا، سوریای زیاتر هاندا هەوڵ بۆ یەکپێگرتنی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق بە کوردو عەرەبەوە بداتو کۆمەكو هاوکاری زیاتریشیان پێشکەش بکات، هەروەك لەسەر داوای سوریاش شۆڕشی کوردستان بە (شۆڕشی عێراق لە کوردستانەوە هەڵگیرساو) ناونرا[32].

دامەزراندنی بەرەی (جوقد) پێشوازیەکی باشی لێکرا کە ئەو هەموو لایەنانەی بەخۆیەوە گرتبوو، بەڵام کێشەیەکی گەورەش هەبوو، چونکە یەکێك لە گەورەترین پارتەکانی سەر مەیدانی کوردستانو عێراق کە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو تێیدا نەبوو، کە زۆبەربەی سنورەکانی تورکیا لە سوریا تا ئێران بە دەستەوە بوو و (جوقد) وەك پێویست نەیدەتوانی سوود لە هاوکاری سوریا وەربگرێتو ئێرانیش ئامادەنەبوو ئەو هاوکاریيانەی لە سوریاوە دەهات بداتە دەست هێزەکانی (جوقد)[33].

کاتێك لە ساڵی 1981دا وەجبەیەك چەكو تەقەمەنی لە سوریاو لیبیاوە بە فڕۆکەو پاپۆڕ گەیشتبووە ئێران کە بۆ یەکێتی هاتبوو، هەرچەندە پێشتر ئێران بەڵێنی بە سوریاو لیبیا دابوو ئەو چەكو تفاقە ڕادەستی یەکێتی بکات، بەڵام دەستی بەسەردا گرتو نەیدا بە یەکێتی[34].

دوای تێپەڕبوونی تەنها چەند ڕۆژێك بەسەر دامەزراندنی بەرەی یەکەمدا، بەرەیەکی تر لەلایەن سێ پارتی ئۆپۆزسیۆنی کوردو عێراقیەوە، کە پێکهاتبوون لە هەریەك لە (پارتی دیموکراتی کوردستانو حزبی سۆسیالیستی کوردستانو حزبی شیوعی عێراق) لە 1980/11/28 لە ڕاژان لەناو خاکی ئێران، بە ناوی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) *دامەزرا[35].

بەرەی جودیش بۆ رازیکردنی لایەنە عەرەبەکان بۆ هاتنە ناو ریزی جودو رازیکردنی سوریاو لیبیاو وڵاتانی تری عەرەبی، ئەوانیش هەندێك بیروبۆچونی تایبەتیان لە پەیمانی بەرەکەدا خستبووە روو، کە باس لە بەشداریکردن لە نەبەردی عەرەب دژ بە ئیمپریالیزمو زایۆنیزم و کۆنەپەرستی دەکات[36].

---

([30]) عەلی تەتەرنێروەیی: سەرچاوەی پێشوو، ل186.

* الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية (بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی دیموکراتی): لە نێوان (8) پارتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کوردیو عەرەبیەوە دامەزرا، کە پێکهاتبوون لە: عەرەبیەکان: (پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالستی: سەرکردایەتی هەرێمی عێراق)، (بزوتنەوەی عەرەبی سۆسیالستی)، (حشع)، (پارتی سۆسیالستی عێراق) و (ڕێکخراوی سوپای گەلی ڕزگاری عێراق)، کوردییەکان: (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)و (حزبی سۆسیالستی یەکگرتووی کوردستان). (نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنین، دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق 1979-1983، بەرلین، 1997، ل176).

([31]) فاروق محەمەد محەمەدئەمین: سیاسەتی ئێران بەرامبەرجوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (1975-1989)، چاپخانەی رێ نوێ، سلێمانی، 2014، ل206.

([32]) برایم جەلال: چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، چاپخانەی روون، 2011، ل329.

([33]) عەلی تەتەرنێروەیی: سەرچاوەی پێشوو، ل187.

([34]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان ...، ل204؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل179.

* الجبهة الوطنية الديمقراطية (بەرەی نیشتمانی دیموکراتی).

([35]) ئەحمەد بانیخێڵانی: سەرچاوەی پێشوو، ل396؛ بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی جود.

([36]) عەلی تەتەرنێروەیی: سەرچاوەی پێشوو، ل193.

بۆجاری دووەم مەسعود بارزانی لە ساڵی 1981دا سەردانی سوریا دەکاتو چاوی بە حافز ئەسەد سەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە دەکەوێت، داوای لێدەکات دەرگای خۆی بە کراوەیی بۆیان بۆ بهێڵێتەوە، پاشتریش بارزانی چەندین جاری تر سەردانی سوریا دەکاتو هەموو جارێ بە رێزەوە پێشوازی لێدەکرێت[37].

لیبیاو سوریا کە تا ئەوکاتی دوو تاکە دەوڵەتی عەرەبی بوون کە یارمەتی یەکێتییان دەداو رێی کردنەوەی بارەگایان لە وڵاتی خۆیاندا پێدابوون[38]، ئەوەش نیگەرانی سەرانی رژێمی عێراقی لێدەکەوێتەوە. بۆیە لەکاتی دانوستاندنی نێوان یەکێتیو حکومەتی عێراقدا*، تاریق عەزیز (1936- 2015) بە گاڵتەو پلارەوە وتبووی: حافز ئەسەدو قەزافی هاوڕێتانە، داوای بودجە لەوان بکە جەلال تاڵەبانیش لەوەڵامدا دەڵێت: "سوریاو اسد، قزافیو لیبیا، دۆستی رۆژگاری تەنگانەی ئێمە بوون، ئێمە هەرگیز چاکەی ئەوانە لەبیر ناکەین"[39].

لەبەرئەوە یەکێك لە ئامانجەکانی حکومەتی عێراق لە ئەنجامدانی دانوستاندا، بۆ پچراندنی پەیوەندییەکانی یەکێتی بە دەرەوە، بەتایبەتیش بە سوریاو لیبیاو ئۆپۆزسیۆنی عێراقیەوە بوو، تاوەکو ئەو کۆمەك و هاوکاریو سەرچاوە داراییانەی لەو لایەنانەوە بۆ یەکێتی دەهات وشك بکات[40]. ئەو ئامانجەشی هاتەدی، چونکە بەهۆی دانوستاندنی نێوان یەکێتیو حکومەتی عێراق، پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ سوریاو لیبیا ساردی تێکەوت [41]، و لەگەڵ دەستپێکردنی گفتوگۆدا هاوکارییەکانیان بڕیو بارەگاکانی یەکێتیان داخست. کاتێك دوای کۆتاییهاتنی گفتوگۆ، کە وەفدی یەکێتی، بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان سەردانی لیبیاو سوریایان کرد، پێیان رادەگەیەنن کە ئەوان دژی گفتوگۆ نین، بەڵام نیگەرانن لەوەی کە هیچ پرسو رایەکیان لەوبارەیەوە پێنەکراوە[42].

لە ساڵی 1986 بەرەی (جوقد) هەڵوەشایەوە، کاتێك دەسەڵاتدارانی سوریا لەسەر داوای حکومەتی ئێران، بەهۆی دەرکردنی بەیانێك لەلایەن (جوقد)ەوە دژی داگیرکردنی شاری فاوی عێراق لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە لە (9ی شوباتی 1986)دا. نوسینگەکانی بەرەی ناوبراوی داخستو چالاکییەکانی بەشێوەیەکی فەرمی ڕاگرت[43].

کاتێك جەلال تاڵەبانی سەردانی تاران دەکات، دوای بەستنی ڕێکەوتننامەیەکی سیاسیو سەربازی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، لە ڕۆژانی 7-1986/11/8دا ڕێکەوتننامەی ئاشتی لە نێوان جەلال تاڵەبانیو ئیدریس بارزانیدا واژۆ دەکرێت. بەوەش کۆتایی بە شەڕی نێوان یەکێتیو پارتی دێتو بەگشتی لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان گرنگی بە پەیوندیو هاوکاریو هەماهەنگییەکانیان لەگەڵ ئێران دەدەن[44]، لەگەڵ مانەوەی پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی وەك سوریاو لیبیا.

---

([37]) مەسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، ل200-201.

([38]) هەڤاڵ کوێستانی: ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2018، ل330.

* دانوستاندنی نێوان یەکێتیو حکومەتی عێراق، دوای ئامادەکرنی زەمینەی دانوستان و ئاڵوگۆڕی چەند نامەو سەردانیکردنی وەفدی هەردوولا بۆلای یەکتری، دانوستاندن بە فەرمی لەنێوان هەردوولادا دەستپێدەکات، کاتێك جەلال تاڵەبانی بە سەرۆکایەتی وەفدێکی یەکێتی لەرێگەی دوو کۆپتەری حکومەتی عێراقیەوە لە گوندی (زیخان)ەوە لە 3ی کانوونی یەکەمی 1983دا دەچێتە بەغداد، و پاش ئەنجامدانی چەندین دانیشتنو جەولەی دانوستاندن کە نزیکەی ساڵێك بەردەوام دەبێت، دواجار بەبێ هیچ ئەنجامێك کۆتایی پێدێتو یەکێتی لە 15ی کانوونی دووەمی 1985دا بە دەرکردنی بەیاننامەیەك بە فەرمی کۆتاییهاتنی دانوستاندنی راگەیاند. (سەروەر عبدالرحمنو دلێر ئەحمەد: دانوستاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق 1984، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2011، ل28-38).

([39]) وەرگیراوە لە فەرەیدون عەبدولقادر: هەڵۆ سورەکانی قەندیل، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2017، ل477.

([40]) هەڤاڵ کوێستانی: سەرچاوەی پێشوو، ل361.

([41]) فەرەیدون عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل528.

([42]) هەڤاڵ کوێستانی: سەرچاوەی پێشوو، ل330.

([43]) على سنجارى: الحركة التحررية الكردية مواقف واراء، مطبعة خةبات، د هوك، 1997، ص159؛ حبيب محمد كريم: تاريخ الحزب ا لديمقراطى الكوردستانى- العراق (فى محطات رئيسية) 1946- 1993، مطبعة خةبات، دهوك، 1998، ص168.

([44]) بۆ زانیاری زیاترلەوبارەیەوە بروانە فاروق محەمەد محەمەدئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل 286-289.

بۆیە لە کۆتا ڕۆژەکانی ساڵی 1986دا وەفدێکی یەکێتی لەئێرانەوە بۆ سوریا دەڕۆن[45]، کە پێکهاتبوو لە هەریەك لە (نەوشیروان مستەفا، مولازم عومەر، فوئاد مەعسوم، کەمال خۆشناو، خەسرەو خاڵ (1939- 1988)و شێرکۆ بێکەس(1940- 2013)[46]، یەکێك لە کارەکانی ئەو وەفدە بریتی بوو لە بە فەرمی دامەزراندنەوەی پەیوەندی نێوان یەکێتیو سوریا سەرلەنوێ دانانەوەی بارەگای یەکێتی کە لە کاتی دانوستاندنی نێوان یەکێتیو حکومەتی عێراقدا پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو سوریا پچڕابوونو هیچ بنکەو بارەگایەکی یەکێتی لە سوریا نەمابوو، و لەو سەفەرەدا دکتۆر خەسرەو خاڵ بەنوێنەری یەکێتی لە سوریا دانرا[47].

## باسی دووەم/ پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی باشوری کوردستانو لیبیا:

جەلال تاڵەبانی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ موعەمەر قەزافیدا (1942-2011) هەبوو، یەکێك لە هاوپەیمانە سەرەکیەکانی تاڵەبانی بوو، بەتایبەتی لەدوای دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پشتگیرییەکەی گەورەی شۆرشی نوێی کوردی کرد لەهەردوو لایەنی سیاسیو سەربازی، تەنانەت قەزافی هیچ داوایەکی تاڵەبانی ڕەتنەدەکردەوە، و فەرمانیکردبوو هەموو داواکارییەکانی جێبەجێبکەن[48]. هەروەك جەلال تاڵەبانی دەڵێت: " خوا حەقە عەقید موعەمەر قەزافی بە خەتی خۆی لەسەر داخوازیەکانی من نوسیبووی، دەڵێ: "هەمو داخوازیەکانی برام جەلال تاڵەبانی جێبەجێ بکرێت"[49].

موعەمەر قەزافیش ناسری بوو ڕقی زۆری لە سەدام حسێن (1937- 2006) بوو و لەگەڵیدا ناکۆك بوو، لەبەر ئەم هۆکارانە ئامادەبوو یارمەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بدات[50]، قەزافی بەڵێنی بە مام جەلال دابوو، بەردەوام یارمەتی یەکێتی بدات، بە پارەو چەك، تەنانەت بەرلەوەی خەباتی چەکداری دەستپێبکاتەوە. حکومەتی لیبیا مانگانە چەردەیەك پارەیان بۆ یارمەتیدانی بارەگاو کادرو پێشمەرگەکانی یەکێتی لەسوریا تەرخان کردبوو، هەموو مانگی پارەکەیان ئەناردە سەر حسابێك لە لوبنان. مام جەلال باوەرێکی بەهێزی بە مونزیر نەقشبەندی هەبوو، چەند جارێ ئەوی نارد بۆ وەرگرتنو هێنانەوەی بۆ سوریا[51].

موعەمەر قەزافی بۆچونێکی زۆر سیاسیو باشو پێشکەوتنخوازی هەبوو دەربارەی مەسەلەی کورد[52]، قەزافی تاکە سەرکردەی عەرەبی بوو دانی بە مافی گەلی کوردا دەنا، ئاماژەی بەوە دەکرد کە گەلی کورد بەزۆر دابەشکراوە بەسەر چوار وڵاتدا، مافی ئەوەی هەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆی یەکگرتوو دابمەزرێنێ[53]، ئەو بیروڕایەشی چەند جارێك دەربارەی پرسی کورد دەربڕیوەو وتویەتی "گەلی کورد کوردستانی هەیەو ئەو میللەتە کوردستانیە مافی هەیە ڕزگار بێتو یەك بگرێتەوەو دەوڵەتی خۆی هەبێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شان بە شانی نەتەوەی عەرەبو تورکو وەك ئەوان بژی"[54].

وێرای ئەوەی قەزافی هەموو جارێكو لەهەموو بۆنەکاندا پشتگیری لە مافی ڕەواو مافی چارەی خۆنووسینی کوردی کردووە[55]. ئەو بۆچونەشی بەدزیەوە نەوتوە، بەڵکو بە ئاشکرا ئەو بۆچونەی دەربڕیوە، هەروەك لە نوسینەکانیدا نوسیویەتیو لە کۆبونەوەکاندا باسیکردووە. بە ئامادەبونی

---

([45]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لەناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1984- 1988، بەرلین، 1999، ل120.

([46]) فەرەیدون عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل528.

([47]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لەناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1984- 1988، بەرلین، 1999، ل120.

([48]) سالار أوسی: المصدر السابق، ص84-85.

([49]) وەرگیراوە لە سەلاح رەشید: سەرچاوەی پێشوو، ل67.

([50]) سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: سەرچاوەی پێشوو، ل188.

([51]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری ...، سەرچاوەی پێشوو، ل75.

([52]) سەلاح رەشید: سەرچاوەی پێشوو، ل 67.

([53]) سالار أوسی: المصدر السابق، ص83.

([54]) سەلاح رەشید: سەرچاوەی پێشوو، ل 67-68.

([55]) مەسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، ل202.

چەندین سەرۆك كۆمارو سەرۆك وەزیرانی وەك سەرۆك وەزیرانی توركیا بولەند ئەجەوید (1925- 2006)، لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەگەریداو لە كەریملێن بەرامبەر لیونید بریجنیف (1906- 1982)و لە زۆر جێگای تردا ئەو بۆچونەی دووبارە كردۆتەوە[56].

هەروەها لەوبارەیەوە زۆری لەسەر پرسی كورد باسكردووە لەزۆر جێگاوە رەخنەشی لێگیراوە، بەڵام گوێی نەداوەتێ، كە ئەوەش یەكەم سەرۆكی وڵاتێكی عەرەبیە كە باوەڕی بە بوونی نەتەوەی كوردو مافی چارەنوسی نەتەوەی كوردو مافی رزگاربوون و یەكگرتنەوەی نەتەوەی كورد هەیە. لەكاتێكدا پێشتر كورد پەیوەندی لەگەڵ ئەو حكومەتانەدا هەبووە كە ناكۆكیان لەگەڵ یەكتر هەبوو، تەنانەت لەگەڵ سوریاش لەسەر ئەو بناغەیە نەبووە كە حكومەتی سوریا باوەری بەوە هەبێ، نەتەوەی كورد هەیەو یەك نەتەوەیە، و مافی رزگاربوونو یەكگرتنەوەو سەربەخۆیی خۆی هەیە، بەڵكو لەسەر بناغەی ئەوە بووە كە حكومەتی عێراق حكومەتێكی كۆنەپەرستو دوژمنی هەردوولایەو پێكەوە هاوكاری یەكتربكەن بۆ رووخاندنی[57].

بەڵام پەیوەندی لەگەڵ لیبیا بناغەیەكی سیاسیو ئایدۆلۆژی هەبوو، لەسەر بناغەی تێوری موعەمەر قەزافی بەرجەستە بوو بوو، كە دەڵێ: "كورد نەتەوەیەكەو مافی رزگاربون و یەكبونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە"[58]. لەگەڵ ئەوەی موعەمەر قەزافی هیچ بەرژەوەندییەكی راستەوخۆی نەبوو، تاوەكو بیەوێت لەعێراق لە رێگەی پاڵپشتی شۆرشی كوردەوە جێبەجێی بكات، بەڵكو پشتگیریو پاڵشتییەكەی لە باوەڕی بە مافەكانی گەلی كوردو رەوایی پرسەكەیەوە سەرچاوەی گرتبوو دوورلە حساباتی سیاسی بەرتەسك[59].

بۆ یەكەمجار یەكێتی، لە (ئازاری 1976)دا لە پاریس، بری ملیۆنێك فرەنكی فەرەنسی لە لەرێگەی نوسینگەی سەركردایەتی لیبیا لە پاریس بەدەست گەیشت، بە بڕێكی ئەو پارەیە لە سوید ژمارەیەك ئامێری پەیوەندیو ئێستگەیەكی پەخشی بێتەلی پێدەكڕنو بەشێكی دەنێرنەوە بۆ سوریا بۆ جێبەجێكردنی كارەكانو بڕێكی زۆریشی دەنێرنەوە بۆ كوردستان بۆ خەرجیو كڕینی چەكو تەقەمەنی[60].

لیبیا بڕیاری دابوو مانگانە 50 هەزار دیناری لیبی بدات بە یەكێتی، بەڵام پاش چەند مانگێك كە منزر نەقشبەندی بری پارەكەی بۆ مخابەراتی عێراقی ئاشكراكرد[61]، لیبیەكان بەو مەرجە یارمەتی یەكێتییان دەدا كە عێراق بەو هاوكاریە نەزانێت، بەڵام پاش ماوەیەكی كەم عێراق پێی زانی، ئەوەش بووە مایەی گلەییو تورەبوونی لیبیەكانو وتبوویان: عێراق ژمارەی (چەكەكانی بانك) یشی زانیبوو، لەسەر ئەوەش یارمەتیەكانی لیبیا كۆسپی تێكەوتو بۆ ماوەیەك راگیرا[62].

دوای ساڵی 1981 جارێكی تر یارمەتییەكانی بۆ یەكێتی دەستپێدەكاتەوە، ئەوە جگە لەوەی چەند جارێك هەر جارەو بەملیۆنێكو چەند ملیۆن دۆلارێك هاوكاری یەكێتی كردووە[63].

(جوقد) دەستەیەكی نوێنەرایەتی پێكهێناو لە چەند شوێنێك نوسینگەی كردەوە، ئەم بەرەیە بوو بە دوكانێك بۆ پارەپەیداكردن، تا ئەوەی بە كردەیی ببێتە بەرەیەكی خەبات بۆ ڕووخاندنی رژێمی بەعسی عێراق، هەندێك لەو لایەنانە بە ناوی پێكهێنانی لەشكرو خەباتی نهێنیەوە پارەی زۆریان لە لیبیا وەرگرت[64].

---

([56]) سەلاح رەشید: سەرچاوەی پێشوو، ل 68.
([57]) هەمان سەرچاوە، ل 68.
([58]) وەرگیراوە لە سەلاح رەشید: سەرچاوەی پێشوو، ل 68.
([59]) سالار أوسي: المصدر السابق، ص84.

([60]) عادل مراد: المصدر السابق، ص58.
([61]) نەوزاد عەلی ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل216.
([62]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە كەناری ...، سەرچاوەی پێشوو، ل75.
([63]) نەوزاد عەلی ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل216.
([64]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەكان...، سەرچاوەی پێشوو، ل177.

لەلایەکی ترەوە پەیوەندی پارتی لەگەڵ لیبیا لە ساڵی 1982دا دەستی پێکرد، یەکەمین جار وەفدێکیان بە سەرۆکایەتی ئیدریس بارزانی چوو بۆ تەرابلوس، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ خودی سەرۆك موعەمەر قەزافیدا بەست. یارمەتی باشی شۆرشیدا بە ناردنی چەك، کە لەرێگەی ئێرانەوە گوێزرانەوە بەڵام دەستی بەسەرداگیرا[65]. هەروەها مەسعود بارزانی چوار جار سەردانی لیبیا دەکاتو هەموو جارێ چاوی بە معەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا دەکەوێت[66].

لە لیبیاو بە ئامادەبوونی (19) پارتو رێکخراوی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە نێویاندا (یەکێتیو پارتیو حسكو حشع) کۆنگرەیەك لە تەرابلوسی پایەتەختی لیبیا، لە ماوەی 1- 1983/2/6دا گرێدرا، لە ئەنجامدا رێکەوتنامەیەکی کورتی (4) خاڵییان واژۆ کرد، کە خاڵی چوارەمی پەیوەست بوو بە جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردەوە، کە دەڵێت: بڕیاردرا دەستبەجێو لە ئەمڕۆوە (6ی شوباتی 1983):

أ- هەڵمەتی ڕاگەیاندن لە نێوانیاندا ڕابگیرێت.

ب- دەستبەجێ ناکۆکیو پێکدادانی چەکداری لە نێوانیاندا ڕابگیرێت.

لەگەڵ ئەوەی بڕیاریاندا خۆیان لە بەرەیەکی نیشتمانیدا رێکبخەن لە پێناو ڕووخاندنی حوکمی فاشی عێراقو دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی لە شوێنیو پێدانی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بە کوردستان،و هەروەها هەردوو بەرەی جود و جوقد هەڵبەوشێننەوە. بەڵام ئەم هەوڵەش وەك هەوڵەکانی تر بۆ ئاشتیو رێکەوتن سەرینەگرتو شکستی هێنا[67].

لەسەر داوای موعەمەر قەزافی وەفدێکی باڵای پارتی بە سەرۆکایەتی ئیدریس بارزانی لە کۆتایی کانوونی یەکەمی 1985 دا گەیشتنە لیبیاو چاویان بە موعەمەر قەزافی کەوت[68]. و لە شوباتی 1986دا وەفدێکی بەرەی جود بە سەرۆکایەتی ئیدریس بارزانی چاویان بە موعەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا دەکەوێت[69].

هەر لە هەمان ساڵدا، لە 15 ئازاری 1986دا، بە ئامادەبوونی وەفدی چەند پارتێکی کوردستانی دووەم کۆنگرەی گشتی جیهانی لە هۆڵی گەل لە شاری تەرابلوس بەسترا، کە 300 نوێنەر لە چەند وڵاتانی جیهانەوە تیایدا بەشداربوون، لەمیانەی کۆنگرەکەدا موعەمەر قەزافی بەشێك لەوتارەکەی بۆ ئاماژەکردن بە ستەمدیدەیی گەلی کوردو مافەکانی تەرخان کردبوو[70].

باسی سێیەم/ پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستانو جوڵانەوەی رزگاریخوازی فەلەستین:

جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ جوڵانەوەی رزگاریخوازی فەلەستین هەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ (بەرەی شەعبی بۆ رزگاری فەلەستین) بە سەرکردایەتی جۆرج حەبەش*[71]. هەروەك یەکێتی لەیەکەم بەیانامەی دامەزراندنیدا بە توندی دژایەتی خۆی بۆ ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزم خستبووەروو و بە دوژمنی سەرەکی جوڵانەوەی

---

([65]) مەسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، ل201.

([66]) هەمان سەرچاوە، ل201-202.

([67]) سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی لەباشوری کوردستان 1975-1991 "سەرهەڵدانی رەوتی سۆسیالیستیو دروستبونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان وەك نمونە"، چاپخانەی چوارچرا، 2011، ل122.

([68]) فلك الدين كاكةيي: القذافي والقضية الكردية، الطبعة الثالثة، اربيل، 2008، ص8.

([69]) عادل مراد: المصدر السابق، ص59.

([70]) فلك الدين كاكةيي: المصدر السابق، ص63-64.

* جورج حەبەش: لە ساڵی 1926 لە شاری ئەللەد لە فەلەستین لەدایك بووە، لەساڵی 1948 فەلەستین بەرەو لوبنان بەجێدەهێڵێت، لە ساڵی 1951 خوێندنی پزیشکی منداڵان زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت تەواودەکات، لە ساڵی 1967 دوای ئەوەی هەڵدەستێ بە دامەزراندنی، دەبێتە ئەمینداری گشتی بەرەی گەلی بۆ رزگاری فەلەستین، لە ساڵی 2000دا بەهۆی باری تەندروستیەوە دەست لەپۆستی ئەمبندارێتی گشتی دەکێشێتەوە، لە ساڵی 2008 لە عەممانی پایەتەختی ئوردون کۆچی دوایی دەکاتو هەر لەوێ بە خاك دەسپێردرێت. (https://weziwezi.com)

([71]) سالار أوسي: المصدر السابق، ص91.

رزگاریخوازی کوردی لەقەڵەم دابوون، هەروەك پشتیوانی خۆی بۆ خەباتو تێکۆشانی گەلی عەرەبی لەپێناو رزگاری و یەکگرتنی ئوممەی عەرەبی لەسەر بنەمای پێشکەوتنو دیموکراتیو خەباتو تێکۆشانی ڕەوای بۆ رزگاری گەلی فەلەستین لە داگیرکەری زایۆنیزم، و دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی دیموکراتی دەربڕیبوو[72]. هەروەها ناوەرۆكو بابەتەکانی بڵاوکراوەکانی یەکێتی پرن لە دوژمنایەتی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستیو سەهیۆنیزم[73].

لە 1978/9/17دا، سەرانی عەرەب، لەسەر داوای عێراق کۆنگرەی نۆیەمی لوتکەی عەرەبییان بەست، بۆ لێدانی ئیسرائیلو رزگارکردنی فەلەستین، عێراق هەرەشەی ناردنی هێزی چەکداری کرد. بۆ پیشاندانی پشتیوانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو هەڵوێستە نەتەوەییە عەرەبییەی عێراق، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەیانێکی بۆ راگەیاندنی هەڵوێستی خۆی لەو هەڕەشەیەی عێراق دەرکردو تیایدا ئامادەیی خۆی بۆ راگرتنی شەڕو دەستپێکردنی گفتوگۆ راگەیاند[74].

هەروەها پەیوەندی پارتی لەگەڵ رێکخراوە فەلەستینیەکانیشدا بەتایبەتی جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی فەلەستینی (رێکخراوی فەتح)، هەمیشە پتەو بووە، لە ساڵی 1979دا کاتێك لە ڤیەننا هەوڵی کوشتنی مەسعود بارزانی درا یارمەتی زۆریاندا[75].

لەساڵی 1981 فەلەستینیەکان خولێکی سەربازی بۆ 10 کەسی یەکێتی دەکەنەوە لە لوبنان، لەرێگەی سوریاوە دەچن بۆ لوبنان بۆ سەربازگەیەکی فەلەستینیەکان لە باشوری لوبنان،و خولەکە 3 مانگی خایاند[76].

لە حوزەیرانی ساڵی 1982 شدا، کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە فاس دژی پەلامارداني لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە بەسترا، مام جەلال، وەك یەکێتی بەیانێکی توندی بۆ پشتیوانی هەڵوێستی عەرەب دژی ئیسرائیل دەرکردو تێدا وتی "ئەگەر عێراق بۆ بەهاناوەچوونی فەلەستینیەکان، بیەوێ هێز بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل بنێرێ، ئەوا ئێمە ئامادەین ئاگربەست راگەیەنینو دەست بە گفتوگۆ بکەین بۆ چارەسەری کێشەی کورد"[77]. هەر لە هەمان ساڵی 1982داو لەسەروبەندی گەمارۆدانی بەیروت لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە، تاڵەبانی ئامادەیی دەربڕی پێشوازی لە یاسر عەرەفات (1929- 2004) سەرۆکی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین بکات لە ناوچە رزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە باشوری کوردستان[78].

وێرای ئەوەی جەلال تاڵەبانی میانگیری لەلای قەزافی دەکرد، لەپێناو ئەوەی پەسەندی بکات پاڵپشتی هەندێك لە رێکخراو و جوڵانەوە رزگاریخوازەکانی فەلەستین وەك بەرەی شەعبی رزگاریخوازی فەلەستین بکات[79].

هاوکات لە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی بەرەی (جود)یشدا جەخت لەسەر هاوکاریکردنی شۆڕشی ئێران دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکاییو زایۆنیزم کرابووەوە[80].

**ئەنجام**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1.پەیوەییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لەگەڵ هەریەك لە وڵاتانای سوریانو لیبیاو جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لەو ماوەیەدا، پەیوەندییەکی گرنگو

(72) یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
(73) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری ...، سەرچاوەی پێشوو، ل74.
(74) هەڤاڵ کوێستانی: سەرچاوەی پێشوو، ل334.
(75) مەسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، ل201.
(76) ئاوات قارەمانی: ئاوات قارەمانی: ڕێگا باریکەکان، یاداشتە ڕۆمانی رووداوەکانی (1963-1999)، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، 2009.، ل168-174.

(77) هەڤاڵ کوێستانی: سەرچاوەی پێشوو، ل334.
(78) سالار أوسی: المصدر السابق، ص91.
(79) المصدر نفسه، ص85.
(80) بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی جود.

داننان بوو بە ڕەوایەتی پرسی کورد بوو لە باشوری کوردستان دژی ڕژێمی عێراق.

2.هاوکاریە سیاسی دارایی و سەربازییەکانی هەریەك لە وڵاتانی سوریاو لیبیا بۆ جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد، پێویستییەکی گرنگ و ژیانی بوو، بەجۆرێك ئەگەر ئەو هاوکارییانە نەبوایە ئەستەم بوو لەو قۆناغەی دوای هەرەسی شۆرشی ئەیلولدا جارێکی تر شۆرشی گەلی کورد لە باشوری کوردستان هەڵبگیرسێتەوە.

3.پەیوەندیی و هاوکاری و هەماهەنگییەکانی نێوان جوڵانەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستان دژی عێراق عەرەبی و جوڵانەوەی رزگاریخوازی عەرەبی فەلەستین دژی ئیسرائیل لەو قۆناغەدا، شەرعیەتدان بوو بە رەوایەتی پرسی کورد لە باشوری کوردستان لەلای جیهانی عەرەبی.

4. پەیوەندییەکانی سەرکردەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لەو قۆناغەدا، لەگەڵ هەریەك لە حافز ئەسەد سەرۆك کۆماری سوریاو موعەمەر قەزافی سەرۆك کۆماری لیبیاو ژمارەیەك لە سەرکردەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی فەلەستین، پەیوەندییەکی قوڵ و مێژوویی و گرنگ بووە، کە کاریگەری لەسەر پەرەگرتنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان و تێروانینی ئەرێنی بۆ خەباتی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد هەبوو.

## سەرچاوەکان

**یەکەم/ بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان:**

1. بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی جود.
2. یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

**دووەم/ سەرچاوە کوردییەکان:**


3. ئاوات قارەمانی: ڕێگا باریکەکان، یاداشتە رۆمانی ڕووداوەکانی (1963- 1999)، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، 2009 .
4. ئەحمەد بانیخێڵانی: بیرەوەرییەکانم، سوید، 1997.
5. برایم جەلال: چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، چاپخانەی روون، 2011.
6. ڕێباز عبدالکریم قادر: پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان (1976- 1989)، چاپخانەی حەمدی، 2017.
7. سەروەر عبدالرحمن و دلێر ئەحمەد: دانوستاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق 1984، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2011.
8. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزراندن و دەست پێ کردنەوەی شۆڕش 1975-1976 لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی/ سیاسییە، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، 2002.
9. سەلاح رەشید: مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی دووەم، چاپخانەی کارۆ، 2017.
10. سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی لەباشوری کوردستان 1975-1991 "سەرهەڵدانی رەوتی سۆسیالیستی و دروستبونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان وەك نمونە"، چاپخانەی چوارچرا، 2011.
11. عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێران دا (1980- 1988)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2008.
12. فاروق محەمەد محەمەدئەمین: سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری

کوردستان (1975-1989)، چاپخانەی ڕێ نوێ، سلێمانی، 2014.

13. فەرەیدون عەبدولقادر: هەڵۆ سورەکانی قەندیل، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2017.

14. فوئاد مەعسوم: یەکێتی نیشتمانی کوردستان .. سەرەتاکان، لە کتێبی چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چاپی دووەم، 2005.

15. مەسعود بارزانی: مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلول 1961-1975، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004.

16. نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، سوید، 2010.

17. نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنین، دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق 1979- 1983، بەرلین، 1997.

18. نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لەناو بازنەدا دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق 1984-1988، بەرلین، 1999.

19. نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1975-1978، بەرلین، 1997.

20. هەڤاڵ کوێستانی: ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2018.

21. هێرش عەبدوڵلا حەمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو دەوڵەتانی دراوسێ ئێرانو تورکیاو سوریا 1991- 2003، تاران، 2003.

**سێیەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:**

22. أوفرا بينغيو: كرد العراق بناء الدولة داخل الدولة، ترجمة عبدالرزاق عبدالله بوتانى، دار اراس للطباعة والنشر، ، أربيل، 2014.

23. حبيب محمد كريم: تاريخ الحزب الديمقراطى الكوردستانى- العراق (فى محطات رئيسية) 1946- 1993، مطبعة خەبات، دهوك، 1998.

24. سالار أوسى: جلال طالبانى أحداث ومواقف، بيروت، 2008.

25. عادل مراد: الاتحاد الوطنى الكردستانى الانطلاقة.. من طليطلة الى بغداد.. خواطر بعد ثلاثين عاما، مطبعة زانا، دهوك، 2006.

26. على سنجارى: الحركة التحررية الكردية مواقف واراء، مطبعة خەبات، دهوك، 1997.

27. فلك الدين كاكەيى: القذافى والقضية الكردية، الطبعة الثالثة، اربيل، 2008.

**چوارەم: سەرچاوەی ئینتەرنێت:**

28. www. weziwezi.com